# دەربارەی رەخنەی ئەدەبی



پ.ی.د. ئیسماعیل ئیبراهیم

رەخنەی ئەدەبی لە دوو وشـــە پێک دێت، «ئەدەبی» کـــە دەگەڕێتەوە سەر «ئەدەب» و، بەوە پێناسە دەکرێ گوزارشت لە ژیان دەکات. وشەی «رەخنە»ش بە واتای خەوش «عەیب» دێت، بەشێوەی بەرینیش هەڵسەنگاندن و حوکومدان بە باش یان بە خراپ دەگەیەنێ. لێرەشدا رەخنەی ئەدەبی بۆ نمایشکردنی پارچە ئەدەبییەکان و تەتەڵەکردنیان و لە یەک جیاکردنەوەی باش و خراپیان بەکار دێت.

رەخنەش وەک زاراوەیەکی هونەری بۆ نرخاندنی پارچە هونەرییەکان و دەستنیشانکردنی پلەی هونەرییان بەکار دێت. ئیتر ئەو پارچانە، هەڵبژاردەی ئەدەب یان هونەر «وێنە، نەخش، مۆسیقا ...» بن گرینگ نییە. شایانی باسیشە هەندێک وشەی «رەخنە» بە واتای «حوکوم» و رەخنەگریش بە «حاکم» دەدەنە قەڵەم.

**رەخنەی ئەدەبی پێوەندیی پتەوی بە کۆمەڵێک زانست و هونەرەوە هەیە**

رەخنەی ئەدەبی پێوەندیی پتەوی بە کۆمەڵێک زانست و هونەرەوە هەیە. لە لایەکەوە پێوەندی پتەوی بە داهێنان و خوڵقاندنەوە هەیە، بەڵام رەخنە لە داهێنان کەمترە، چونکە چاوەڕێ دەکات کەی کارەکە تەواوبێت تا بە باش یان لاواز هەڵی سەنگێنێ.

**لێکۆڵینەوەی ئەدەب تەقەلایەکە بۆ بەیەکەوە گرێدانی دیاردەکانی لە نێو یەکدا بۆیە دەبێ لێکۆڵەر بە وردی جیاوازییەکانی نێوان ئەدیب و چەرخەکان دەسنیشان بکات**

لەم گۆشە نیگایەشەوە دژایەتیی نێوان رەخنەگران و ئەدیبە داهێنەرەکان سەر هەڵدەدا. بەزۆریش ئەدەب بەسەر رەخنەدا سەردەکەوێ و گرەو دەباتەوە، ئەدیب بانگێشەی بۆ دەکات، چونکە، ئەدیب بەپێی توانا لە گشت کۆت و تەگەرەیەک ئازادە و بە خواستی خۆی شت دەنووسێ و مەبەستەکانی دەخاتە روو، بەڵام رەخنەگر پەیکی جۆرە یاسا و بنەواشەیەکی وشک و بێ پێزە، دەبێ پێڕەویان بێ و لێیان لانەدات، ئەمەش هەرگیز رێگەی پێ نادا لە کەش و هەوای ئازاد و پڕ لە ئەندێشەدا بخولێتەوە کەوا ئەدەب خوازیارێتی.

رەخنەگر دەبێ ژیرانە بڕوانێ و لە رووی چەژەی ئەدەبیشەوە بەختەوەر بێ، ئاگەداری ئەدەبیاتی گەلانی تر بێت بۆ ئەوەی ئاسۆی بیری فراوان بێت و وەک خاوەن ئەزموون بێتە پێشەوە، رەخنەی ئەدەبی وەک هەر زانست و فەلسەفەیەک ملکەچی جۆرە یاسایەکە، هەندێکیان لە فەلسەفەوە و هەندێکیشیان لە زانستی دەروونەوە یان ئاکار و زانستی جوانییەوە وەرگیراون. هەروەها بە پەروەردە و راهێنان گەشە دەکات، رەخنەگری بە توانا‌ش دەبێ هەتا بتوانێ بابەتی ئەدەبی بخوێنێتەوە و لێیان بگات و لاسای باشەکانیان بکاتەوە. لەبەر ئەوەش رەخنە پێوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە، بۆیە دەبێ رەخنەگر بیروبۆچوونەکانی «کانت»ی فەیلەسووفی گەورە بخوێنێتەوە. لە لایەکی تریشەوە دەبێ رەخنەگر ئەو راستییەش باش بزانێ کە بیروبۆچوونی ئەدیب تا رادەیەک پێوەستە بە ژینگەکەیەوە. بۆیە رەخنەگر پێوسیتی بەوەیە زۆر باش ئاگەداری ئەو ژینگەیە بێت کە دەقەکەی تێدا نووسراوە، بۆ نموونە روخساری شیعر و شێوەی رێکخستنی شیعری هەر شاعیرێک ملکەچی ئەو ژینگەیەیە کەوا تێیدا سەری هەڵداوە، هەر نەتەوەیەکیش بەپێی چەرخ ئەدەبەکەی چاپ دەکات و ئەو شەقڵەش کە وەری دەگرێ لە ئەنجامی کارتێکەریی ژینگەوە دروست دەبێ. رەنگە، باشترین نموونەش لەم بارەیەوە ئەدەبی عەرەبی بێت، کەوا بە هەموو قۆناغەکانییەوە ملکەچی بنەواشەکانی زمانی عەرەبییە، چ لە رووی رێزمانەوە بێت یان شەپۆلەکانی عەرووز و سەروا، بەڵام بە گوێرەی جیاوازی ژینگە، ئەدەبی هەر ناوچەیەک سیمای تایبەتیی خۆی هەیە، بۆیە ئەدەبی ئەندەلوس و حیجاز و میسر و شوێنەکانی تر هەر یەکەیان مۆرکی تایبەتیی خۆی هەیە.

لەسەر ئاستی رەخنەی ئەدەبیش ژینگە کارتێکەریی خۆی هەیە، بۆ وێنە عەرەبەکان لە سەردەمی عەباسییەکاندا کەوتنە بەر کارتێکەریی زانست و فەلسەفەی یۆنانی، بەڵام هیچیان لە رەخنەی یۆنانی وەرنەگرت، چونکە تایبەتمەندێتی ژینگەی عەرەبی کە بەند بووە لەسەر باری کۆمەڵایەتی و سروشتی تایبەت بەخۆیەوە جیاواز بووە لەگەڵ نەریتی یۆنانی کە لەو کاتدا رێگەی داوە ژنان لەسەر شانۆ چالاکی بنوێنن، یان خەڵک بۆیان هەبووە پتر لە خوایەک بپەرستن، ئەوانە بوونە کۆسپ لە رێگەی ئەو لاسایکردنەوەیەدا. بەڵام ئەدەبی عەرەبی تا رادەیەک کەوتووەتە بەرکارتێکەریی گەلانی رۆژهەڵاتی وەک هیند و فارس ئەویش بە حوکمی نزیکی ژینگەوە. هەربۆیەش ئەدەب ئەو ئاوێنەیە دەنوێنێ کە گشت دیاردەکانی نەتەوەی بە باش و خراپەوە تێیدا رەنگ دەداتەوە، لەبەرئەوەی ئەدەب روحی چەرخە و بەرهەمی گۆمەڵگەیە. دیارە هەر لەم بۆچوونەشەوە «تین»ی رەخنەگری گەورەی

فەڕەنسا بەپێی ڕێچکەیەکی زانستی ئەدەبی ملکەچی سێ توخوم کردووە:

ڕەگەز «جنس»، نێوەند، زەمەن، مەبەستی لە ڕەگەز ئەوەیە کە خەڵک لە رووی میزاج و باری دەروونییەوە ئاسەواریان بە میراتی بۆ مابێتەوە، نێوەندیش دەوروبەری ژینگە و کەش و هەوای سروشتی و باری سیاسی و کومەڵایەتی، زەمەنیش روحی چەرخ یان روحی ئەو قۆناغە دیاریکراوەی ئەو نەتەوەیەیە کە ئەو ئەدەبە تێیدا گەشەی کردووە و گەیشتووەتە ئەو رادەیە.

لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە رووی مێژووەوە پەیکی ڕێچکەی بەراوردکاری دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدیبان کە ئەویش لەسەر پێوەندیی نێوان ئەدیب و ژیانی سەردەم بەندە. هەر بابەتێکیش لە ئەدەبی نەتەوەیەک یان چەرخی بگاتە ئەدەبی نەتەوەیەکی تر یان چەرخێکی تر، لە سایەی کەشوهەوای نوێدا گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا دێت.

لەبەر ئەوەش لێکۆڵینەوەی ئەدەب تەقەلایەکە بۆ بەیەکەوە گرێدانی دیاردەکانی لە نێو یەکدا بۆیە دەبێ لێکۆڵەر بە وردی جیاوازییەکانی نێوان ئەدیب و چەرخەکان دەستنیشان بکات کە هەندێکیان جاری وا هەیە بە ئاسانی پەردەیان لەسەر هەڵنادرێتەوە و پێویستی بە پێڕەوکردنی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ هەیە. لە ئەنجامیشدا هەندێ بابەت پتر دەبنە جێی بایەخ و هەندێکیش بایەخیان نامێنێ و بابەتی تر لە جیاتییان دەبنە جێی بایەخ، زۆر جاریش بابەتێکی دیاریکراو لای نەتەوەیەک دەبێتە جێی بایەخ و لای یەکێکی تر بایەخی نابێ. کەسانێکیش هەن بەو جۆرە ئەدەب لێک دەدەنەوە کە هونەرێکی رووتە، چاو لەو ژینگەیە دەپۆشن کە تێیدا سەری هەڵداوە یان ئەو کەسەی خاوەنێتی، ئەو پێوەرە پەسەند دەکەن کە لە رووی هونەرییەوە باشی و خراپی دەقەکە دیاری دەکات، بەبێ لە بەرچاوگرتنی لایەنەکانی تر.

هەندێکیش ژیانی نووسەریان لا گرینگە و لەو گۆشەنیگایەوە دەڕوانن دەروونی ئەدیب ئەو سەرچاوەیەیە کە ئەو پارچە ئەدەبییەی لێوە هەڵقووڵاوە، بۆیە لێکۆڵینەوەی باری دەروونی نووسەریان زۆر لا گرینگە.

لە راستیشدا پێویستە ڕەخنەگر ئاگاداری بەشێکی ژیانی نووسەر یان هونەرمەند بێت، بەڵام بە گوێرەی ئەوەندی بتوانێ تیشک بخاتە سەر بەرهەمەکانیان، نەک ئەوەندە قووڵ ببێتەوە بگاتە ئاستێک لە سنوور تێپەڕێ. ڕەخنەش لە سایەی ئەم زانیارییانەدا پتر لە زانستەوە نزیکە نەک هونەر، چونکە زیاتر بەپێی بنەواشە هونەرییەکان بڕیار دەدات نەک

روونکردنەوەی ڕێگەی بەکارهێنانیان. هەروەها ئەو تیۆرییانە روون دەکەنەوە کە نرخی هونەریی دەقەکان دیاری دەکەن.

جیاوازیی نێوان رەخنە و هونەری رەوانبێژی لەوەدایە رەوانبێژی لایەنی هونەری بەسەردا زاڵە و داوا لە قوتابی دەکات خۆی رابێنێ و پارچەی رەوان بێنێتە بەرهەم، بەڵام رەخنە ئەو تیۆرییانە روون دەکاتەوە کە ئەو پارچانەیان پێ هەڵدەسەنگێنرێت.

لە لایەکی تریشەوە... رەوانبێژی بایەخ بە روخسار و وێنەی ئاخاوتن دەدات، بەڵام رەخنەی ئەدەبی ئەوەی لا گرینگە ئایا ئەو دەقە چەند سۆزی تێدایە یان ئەو پارچە شیعرە چەند ئەندێشەی تێدایە!

ئەگەریش رەوانبێژی گرینگی بە رێکخستن و هۆنینەوەی ئاخاوتن و لێکدانی رستە و شێوەی شێواز بدات ئەوە رەخنەی ئەدەبی گرینگی بە سەرچاوەی شێواز و بیر و سۆز و ئەندێشە دەدات، بەڵام جۆرە لێکۆڵەرێک هەن گومانیان لەم تەقەلایانە هەیە و لە میانەی ئەم خاڵانەوە بەرهەڵستی دەکەن:

١ـ رەخنەی ئەدەبی متمانە دەکاتە سەر چەژە، حوکمدانی چەژەش لەسەر حوکمی عەقل بەند نابێت، بۆیە ناشێ ببێتە مایەی دروستبوونی جۆرە یاسایەکی تەواو، بەرادەیەک ببێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن، لەبەر ئەمە دەشێ لێکۆڵەران بەشێوەی جیاواز پارچەی هونەری هەڵسەنگێنن و نەتوانن یەکتر قایل بکەن.

٢ـ لە میانەی پارچەی ئەدەبیشەوە هەمان مەبەست دێتە گۆڕێ، بۆ وێنە، ئەگەر پارچەیەکی ئەدەبی پەسندی گەلێکی دواکەوتووبێت، گەلی پێشکەوتوو پەسندی ناکات ئیتر چ لە رووی گۆوە بێت یان واتا و ناوەڕۆک. ئەوەش بێگومان پێوەستە بە جیاوازی چەژەوە.

شایانی باسە شێوازی ئەدەبیش دوو جۆری هەیە:

١ـ شێوازی زانستی ئەمەیان ملکەچی یاسایەکی رەخنەی گشتییە، تەنیا لێگەیشتنی مەبەستە، بۆیە دەبێ سووک و ئاسان و بێ گرێ بێت.

٢ـ شێوازی ئەدەبی، ئەمەشیان تەنیا ئەوەی لا گرینگ نییە، چونکە مەبەستی تەنیا لێگەیشتن نییە، بەڵکو مەبەستی کارتێکەریی و قەناعەت پێکردن و سەرنجڕاکێشانە. بۆ نموونە، وتارخوێن تەنیا ئەوەی لا گرینگ نییە بیستەرانی لە مەبەستی بگەن یان بتوانێ خەڵک لە مەبەستی خۆی بگەیەنێ.